Wheatley Group

باشترکردنی ماڵ و ژیان
wheatley-group.com



# ڕێنمایی وەرگێڕان و لێکدانەوە

ئێمە ئەم ڕێنماییە بەردەستە لەسەر داواکاری بەبێ هیچ تێچوونێک، وەرگێڕدراو، بە پیتی گەورە، بە پیتی زبر - برێل، لەسەر شریت یان بە فۆرماتێکی تری نانووسراو پێشکەش دەکەین

نیسانی ٢٠٢٤




# ناوەرۆکەکان


| | |
|---|---|
| 3 | پێشەکی |
| 3 | داواکردنی وەرگێڕان |
| 4 | پەیوەندیکردن بە ئێمەوە |
| 4 | ئەژماری ئۆنلاین |
| 4 | داوای چاککردنەوە بکە یان ڕاپۆرتی کەڕوو یان شێداری بکە |
| 5 | سەلامەتی ئێوە |
| 5 | کرێنیشینیەکەت |
| 5 | کرێی خانووەکەت |
| 5 | ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانین یارمەتیدەر بین |
| 5 | سکاڵاکردن |
| 6 | تازەیت لە ناوچەکەدا |
| 7 | فریاگوزاری |


## پەیوەندی بکە بە

ویتلی هۆمز گلاسکۆ
www.wheatleyhomes-glasgow.com
0800 479 7979

ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)
www.wheatleyhomes-south.com
0800 011 3447

ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)
www.wheatleyhomes-east.com
0800 561 0088

لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)
www.lorettoha.co.uk
0800 952 9292

یان ئیمەیڵ بنێرە بۆ **info@wheatley-group.com**

دەتوانن بە زمانی خۆتان ئیمەیڵمان بۆ بنێرن و ئێمەش دەتوانین ئەمە وەربگێڕین.

# پێشەکی

ئێمە دەمانەوێت تا بتوانین ئاسانکاری بکەین بۆ ئەوەی کرپارەکان ئەو زانیاریانە بەدەست بهێنن کە پێویستیانە.

ئێمە دەزانین کە زمانی ئینگلیزی زمانی یەکەم نییە بۆ زۆرێک لە کرپارەکانمان – هەر بۆیە ئێمە خزمەتگوزاری وەرگێڕان و لێکدانەوە پێشکەش دەکەین.

ئەم نامیلکەیە ئەو زانیارییە سەرەکیانە روون دەکاتەوە کە پێویستە بزانیت و یارمەتیت دەدات لە گەیاندن و ڕاپۆرتکردنی هەر کێشەیەک.


لەبیرت بێت ئێمە لێرەین بۆ تۆ، هەرکاتێک پێویستت بە ئێمە بوو. خێرا و ئاسانە بۆ پەیوەندیکردن و بەدەستهێنانی ئەو پشتگیرییەی کە پێویستتە.

## داواکردنی وەرگێڕان

ئێمە دەتوانین زانیارییەکان وەربگێڕین بۆ زمانە جیاوازەکان و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ وەرگێڕێک ڕێکبخەین بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەفسەری نیشتەجێبوونەکەت یان سەنتەری یەکەمی کرپارەکانمان.

ئەگەر پێویستت بەم خزمەتگوزارییە هەیە، تکایە پەیوەندی بە سەنتەری یەکەمی کرپارەکانمانەوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 08004797979. یان ئیمەیلێک بنێرە بۆ- info@ wheatley group.com. دەتوانن بە زمانی خۆتان ئیمەیلمان بۆ بنێرن و ئێمەش دەتوانین ئەمە وەربگێڕین.

ماڵپەڕەکەمان زانیاری زۆری تێدایە و دەتوانرێت وەربگێڕدرێتە سەر زمانی جیاواز. ئەگەر پێویستت بە بینینی ماڵپەڕەکەمانە بە زمانێکی تر، پێشنیار دەکەین وەرگێڕانی گووگڵ بەکاربهێنیت. دەتوانیت هەڵبژاردەکانی وەرگێڕانی گووگڵ لە ژێر 'وەرگێڕان' لە خوارەوەی لاپەڕەی ماڵپەڕەکەدا بدۆزیتەوە. پێویستە 'کوکیز' وەربگریت.




هەروەها دەتوانیت ناونیشانی ماڵپەڕەکان- وێب- بۆ هەر لاپەڕەیەک کۆپی بکەیت و بیخەیتە ناو ئەو بۆشاییەی کە بۆگەڕانە ناوی URL ، پاشان زمانێک هەڵبژێرە بە هەڵبژاردنی مینیوی دابەزیتە خوارەوە لە ناوەندی سەرەوەی لاپەڕەکە وەک لە وێنەکەدا دیارە.
دەتوانیت سەردانی ماڵپەڕی خاوەن خانووەکەت بکەیت بە بەکارهێنانی ئەم بەستەرانەی خوارەوە:

ویتلی هۆمز گلاسکۆ www.wheatleyhomes-glasgow.com

ویتلی هۆمز ساوس ( باشوور) www.wheatleyhomes-south.com

ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات) www.wheatleyhomes-east.com

لۆریتۆ هاوسینگ ( لۆریتۆ بۆ خانووبەرە) www.lorettoha.co.uk


3




## داوای چاککردنەوە بکە یان ڕاپۆرتی کەڕوو یان شێداری بکە

ئەگەر پێویستت بە چاککردنەوە هەیە یان تێبینی کەڕوو یان شێداریت کردووە، پەیوەندی بکە بۆ ڕاپۆرتکردنی و ئاگادارکردنەوەمان. دەتوانین وەرگێڕێک ڕێکبخەین بۆ پشتگیریکردنت، یان دەتوانیت لە ڕێگەی ئەکاونتی ئۆنلاینەکەتەوە ئەمە ڕاپۆرت بکەیت. تکایە تەنها کاتێک کە مەترسییەکی دەستبەجێ لەسەر تەندروستی و سەلامەتیتان هەبێت، یان زیانێکی زۆر بە موڵکەکە بگات، چاککردنەوەیەک وەک فریاگوزاری ڕاپۆرت بکەن. ئەگەر حاڵەتی لەناکاو بوو پەیوەندیمان پێوە بکەن.
ئەگەرنا، دەتوانن بە زووترین کات بە پەیوەندیکردنمان بۆ چاککردنەوە وەک حاڵەتێکی نائاسایی ڕاپۆرت بکەن.

- **بۆنکردنی غاز؟** بە زووترین کات پەیوەندی بە SGN بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 0800111999. نابێت گڵۆپ و سویچی کارەبا هەڵبکەیت. هەروەها پێویستە پەنجەرەیەک بکەیتەوە بۆ ئەوەی غازەکە بڕوات. ئامۆژگاری زیاتر بخوێنەرەوە لە ماڵپەڕەکانمان سەبارەت بە **سەلامەتی غاز** بە بەکارهێنانی ئەم بەستەرانەی خوارەوە:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**
www.wheatleyhomes-glasgow.com/my-home/keep-me-safe/gas-safety

**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**
www.wheatleyhomes-south.com/my-home/keep-me-safe/gas-safety
**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**
www.wheatleyhomes-east.com/my-home/keep-me-safe/gas-safety
**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**
www.lorettoha.co.uk/my-home/keep-me-safe/gas-safety

- **تەقین یان شکانی بۆری؟**

ئاوەکە بگرەوە لە بەلوعەی سەرەکیەوە بۆ ئەوەی ئاو نەیەت. ئەگەر بارە نائاساییەکە بەهۆی هەڵەی کارەباوە بوو، و ئەگەر سەلامەت بوو بۆ ئەنجامدانی، ئەوا قوەتی کارەباکە لە پلاکی سەرەکی فیوزەکەوە یان پێوەرەکەوە بکوژێنەرەوە. پەیوەندیمان پێوە بکەن.

## پەیوەندیکردن بە ئێمەوە

سەنتەری یەکەمی کڕیارەکانمان ٢٤ کاتژمێر کراوە دەبێت، هەر حەوت ڕۆژ لە هەفتەکەدا.
ستافەکان ئامادەن ئەگەر دەتەوێت ڕاپۆرتی چاککردنەوەیەک بدەیت، پێویستت بە یارمەتی هەیە لە کرێی خانووەکەتدا، بەدوای گواستنەوەدا دەگەڕێیت و زۆر شتی تر.
ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ ئەفسەرێکی نیشتەجێبوون قسە بکەیت، پەیوەندی بە سەنتەری یەکەمی کڕیارەوە بکە کە لەوانەیە بتوانێت یارمەتیت بدات یان بتوانێت سەردانی ماڵەوە یان بە تەلەفۆن یان مەوعیدت بۆ دابنێ.
دەتوانین ڕێکبخەین بۆ ئەوەی وەرگێڕێک بەشداری گفتوگۆکە بکات. لەوانەیە چاوەڕوانییەکی کورت بۆ ئەمە هەبێت تا ئەوکاتەی ئێمە ئەوکاتە ڕێکدەخەین.



## ئەژماری ئۆنلاین

بۆ ڕاپۆرتکردنی کێشە ژینگەییەکان، پێدانی کرێ، ڕاپۆرتکردنی چاککردنەوە، پشکنینی ئەژمارەکەت و زۆر شتی تر، دەتوانیت ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەژمارێکی ئۆنلاین بەخۆڕایی.

بۆ ناو تۆمارکردن یان چوونە ژوورەوە بۆ ئەژمارێکی ئۆنلاین، سەردانی ماڵپەڕی خاوەن خانووەکەت بکە.

تکایە ئاگاداربە ئەژماری ئۆنلاین هێشتا ناتوانرێت ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئۆنلاین لە ڕێگەی وەرگێڕانی گووگڵەوە وەربگێڕدرێت. ئەگەر پێویستت بە پشتگیری یان هاوکارییە بۆ دروستکردن یان چوونە ناو ئەژمارێکەوە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە بە تەلەفۆنکردن یان ئیمەیڵکردن.

## چاککردنەوەکانم

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چاککردنەوە، لەوانەش مافەکانت و ڤیدیۆی بەردەست، تکایە سەردانی ماڵپەڕی خاوەن خانووەکەت بکە لێرە و بژاردەی وەرگێڕانی گووگڵ بەکاربهێنە بۆ هەڵبژاردنی زمانی دڵخوازت.

ئێمە ئەم نامیلکەمان وەرگێڕاوە دەربارەی شێ و کەڕوو. دەتوانن ئەمانە لێرە بدۆزنەوە:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**
www.wheatleyhomes-glasgow.com/my-home/keep-me-safe/condensation
**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**
www.wheatleyhomes-south.com/my-home/ keep-me-safe/condensation
**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**
www.wheatleyhomes-east.com/my-home/ keep-me-safe/condensation
**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**
www.lorettoha.co.uk/my-home/keep-me-safe/condensation

ناتوانی ئەو زمانە ببینیت کە پێویستتە؟ پەیوەندی بکە بە ئێمەوە دەتوانین وەرگێڕانێکتان بۆ ڕێکبخەین.


## سەلامەتی ئێوە

ئێمە دەمانەوێت یارمەتیت بدەین بە سەلامەتی لە ماڵ و کۆمەڵگا و ئۆنلاین بژیت.

سەیری ئامۆژگارییە نایابەکانمان بکە سەبارەت بە چۆنیەتی کەمکردنەوەی مەترسی ئاگرکەوتنەوە و هەروەها سەلامەتی غاز، ئامۆژگاری ئاسبێستۆس، ساختەکاری ئینتەرنێت و چۆن ئێمە ڕووبەڕووی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتییەکان دەبینەوە بە سەردانیکردنی ماڵپەڕەکەمان و بەکارهێنانی تایبەتمەندی وەرگێڕانی گووگڵ:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**

www.wheatleyhomes-glasgow.com/my-home/keep-me-safe
**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**
www.wheatleyhomes-south.com/my-home/keep-me-safe
**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**
www.wheatleyhomes-east.com/my-home/keep-me-safe
**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**
www.lorettoha.co.uk/my-home/keep-me-safe



## کرێنیشینیەکەت

ئێمە زانیاری زۆرمان هەیە لە ماڵپەڕەکەماندا سەبارەت بە کرێچییەکەت لەوانە:

- ماف و بەرپرسیارێتیەکانت؛
- خزمەتگوزارییەکانی گەرەکەکانمان، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەتان و کوچەو کۆڵانەکان پاک و خاوێنی و ڕێک و پێک بێت؛
- چۆنێتی ڕاپۆرتکردنی ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی؛
- چۆن گۆڕانکاری بکەیت یان کۆتایی بە کرێچی بوونت بهێنیت؛
- پابەندبوونەکانی خزمەتگوزاری کرێارەکانمان؛ و
- سەردانی ساڵانەی کرێنیشینان.

دەتوانن لە ماڵپەڕەکەماندا دەربارەی ئەمە بخوێننەوە، یان پەیوەندی بکەن بە تەلەفۆنکردن یان بە ئیمەیڵ. هەروەها دەتوانین گرێبەستی کرێچییەکەت وەربگێڕین بۆ زمانی دڵخوازی خۆت. زیاتر زانیاری بزانە لەم لینکانەدا:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**
www.wheatleyhomes-glasgow.com/my-home/my-tenancy
**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**
www.wheatleyhomes-south.com/my-home/ my-tenancy
**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**
www.wheatleyhomes-east.com/my-home/ my-tenancy
**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**
www.lorettoha.co.uk/my-home/my-tenancy



## ئەو ڕێگایانەی کە دەتوانین یارمەتیدەر بین

ئێمە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پشتگیریمان هەیە بۆ یارمەتیدان. ستافی دۆستانە و یارمەتیدەرمان ئامادەن بۆ پێشکەشکردنی پشتگیری و ئامۆژگاری پسپۆڕان بەبێ گوێدانە بارودۆخەکانتان.

ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین لە ئامۆژگاری یارمەتی ئاسوودەیی ژیان و گوزەران و ئامۆژگاری پارە و سووتەمەنی. زانیاری زیاتر وەربگرە:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**

www.wheatleyhomes-glasgow.com/ways- we-can-help

**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**

www.wheatleyhomes-south.com/ways-we-can-help

**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**

www.wheatleyhomes-east.com/ways-we-can-help

**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**

www.lorettoha.co.uk/ways-we-can-help

بۆ ڕێکخستنی پشتگیری و هاوکاری، تکایە پەیوەندی بکەن بە سەنتەری یەکەمی کرِیارەکانمانەوە یان ئیمەیڵ بنێرن بۆ info@wheatley- group.com

## کرێی خانووەکەت

ئەگەر خەمی کرێی خانووەکەت هەیە، با قسە بکەین. ئێمە کۆمەڵێک ڕێگەی بەرفراوانمان هەیە کە دەتوانین یارمەتیت بدەین. تا زووتر قسەمان لەگەڵ بکەیت خێراتر دەتوانین یارمەتیت بدەین. زانیاری زیاتر بزانە لەم لینکەدا:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**

www.wheatleyhomes-glasgow.com/my-home/my-rent

**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**

www.wheatleyhomes-south.com/my-home/ my-rent

**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**

www.wheatleyhomes-east.com/my-home/ my-rent

**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**

www.lorettoha.co.uk/my-home/my-rent

دەتوانیت کرێی خانووەکەت بدەیت لە ڕێگەی دایرێکت دێبت ( واتە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەژمارەکەتەوە پارە بدرێت) ، پارەدان بە ئۆنلاین یان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە ئێمەوە.

## سکاڵاکردن

ئێمە دەمانەوێت یەکەمجار شتەکان بە باشی بەڕێوەببەین – بەڵام دەزانین هەندێک جار ئەوە وا نییە.

ئەگەر شتەکان بە باشی و ڕێکی ئەنجام نەدەین، گوێ دەگرین و فێر دەبین کە جارێکی دیکە بەو جۆرە نەبێت. ئەگەر تۆ لە خزمەتگوزارییەکانمان دڵخۆش نیت یان نارازیت ئەوا ئاگادارمان بکەرەوە.

دەتوانن زانیاری زیاتر بخوێننەوە دەربارەی سکاڵا و دەستخۆشی لە بەشی دەستخۆشی و گلەیی:

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**

www.wheatleyhomes-glasgow.com/about-us/how-we-do-business/compliments-and-complaints

**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**

www.wheatleyhomes-south.com/about-us/how-we-do-business/compliments-and-complaints

**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**

www.wheatleyhomes-east.com/about-us/how-we-do-business/compliments-and-complaints

**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**

www.lorettoha.co.uk/about-us/how-we-do-


بۆ ئەوەی سکاڵا تۆمار بکەیت، دەتوانیت لەگەڵ بەرپرسی نیشتەجێبوونەکەت قسە بکەیت، لە ڕێگەی ئەژماری ئۆنلاینەکەتەوە ڕاپۆرتی بکەیت، یان پەیوەندیمان پێوە بکەیت.



## تازەیت لە ناوچەکەدا

ئەگەر تۆ تازەیت لە ناوچەکە، لەوانەیە ماڵپەڕی 'سیستەمێکی زانیاری ناوخۆیی بۆ سکۆتلەندا کە ناسراوە بە (ALISS) 'بەسوود بێت. بۆ زانیاری زیاتر تکایە کلیک لە www.aliss.orgبکە.

ئەم ماڵپەڕە دەتوانرێت وەربگێڕدرێتە سەر چەندین زمان. کلیک لە 'accessibility tools'بکە (لە لای چەپی مینیوەکە لە سەرەوەی ماڵپەڕەکە)، پاشان کلیک لە ئایکۆنی وەرگێڕان بکە 'translate' بکە. پاشان دەتوانیت ئەو زمانە هەڵبژێریت کە دەتەوێت.





## فریاگوزاری

ئەگەر پێویستت بە ئۆتۆمبێلی فیاکەوتنە-ئەمبولانس، یان خزمەتگوزاری ئاگرکوژێنەوە یان پۆلیسە، ئەوا پەیوەندی بکە بە ژمارە 999. ئەگەر حاڵەتێکی نائاسایی و کتوپڕیێ بوو، بەلام ئەگەر ئاسایی بوو وە کتوپڕ نەبوو ئەوا دەتوانیت پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت بە ژمارە 101.

## داواکاری بۆ وەرگرتنی خانووبەرە

ئەگەر تۆ بەدوای گواستنەوەی خانوودا دەگەڕێیت یان پێویستت بە ئامۆژگاری نیشتەجێبوونە، سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە یان پەیوەندی بکە.

**ویتلی هۆمز گلاسکۆ**

www.wheatleyhomes-glasgow.com/find-a-home/getting-a-home/how-do-i-apply

**ویتلی هۆمز ساوس (باشوور)**
www.wheatleyhomes-south.com/find-a-home/getting-a-home/how-do-i-apply

**ویتلی هۆمز ئیست ( ڕۆژهەڵات)**
www.wheatleyhomes-east.com/find-a-home/getting-a-home/how-do-i-apply

**لۆریتۆ هاوسینگ ( خانووبەرە)**
www.lorettoha.co.uk/find-a-home/getting-a-home/how-do-i-apply

Wheatley Group

www.wheatley-group.com

ویتلی گروپ، ویتلی هاوس 25 شەقامی کۆکرین،
G1 1HL ، گلاسگۆ

WGA4TRANSLATIONCUSTOMER/FEB24/102866